زیندەیت ، کە وتنت هەر بۆ نی یە . !

ئەولکەریم پێکەنینەکەی لەدەم قوستەوە زەردەخەنەیەکی کاڵ گرتی :

– ڕاستیەکەیشی کەس نی یە هێندەی من قایم بێت مەگەر هەرخۆم بزانم چیم بەسەر هاتووە ئەوەتا هەر ماویشم – کەمێك بێدەنگ بوو – ئەی ئەگەر قایم نەبم چی بکەم ، چارەنووسی من هەر ئەوەیە ، ئەگینا زەردو سوورەکانم دەفەوتێن ، دەبێت لەگەڵ مردندا مل‌ملانێ بکەم بیبەزێنم وەك تا ئێستا بەزاندوومە .

حاجیش بە چاو لەلای ئەوبو بە دڵ بۆ ڕۆژانێکی دوور دەگەڕا :

– (حاجی ئەم عەنتەرناشە بەچی پڕ دەبێت ؟

– ئەمە سەری شەشەمینە . . وەم‌زانی زۆر وشیاریت ؟

ئەم جارە هەر قەزوان‌و گوێزبار دەکەین ، جارەکانی تر بادام‌و بنێشتی کوردی بوو ، ئەی ناسکە هەرمێ ئەی ئەو هەمەجۆرەتریێیە . هەرشت زۆرە بینێرین . . . بەرەو خوار) حاجی وەك تاس بیباتەوە ڕەنگێکی هێناوبردو سەرنجی دایەوە ڕووە زەردە تێقو پاوەکەی ژان لەدڵەکەو ڕوانی بە لەشە زلەکەیدا کە هەر ئێسکی مابوو ، ڕۆژانێکی دووری هاتەوە یادو گفتوگۆوگۆرانیەکانی ئەوسای سەر کانیە ڕەحمانی لە گوێد دەزرنگایەوە .

(١) – کاردوو : ڕووەکێکە گەڵاپان زۆر تیژە ، زەردی دەکەن‌و خۆشی دەکەن ئەوسا بۆ باپراخ یان خواردنی تریەکاری دەهێنن .

قوزاڵە : گیایەکە وەك کەوەر وایە لە کوردستان هەیە .

لووش : گیایەکە گەڵای پانەو دەکرێتە دۆکولیوی گەنمەوە .

گوێزروان : گیایەکی گەڵاپانە دەکوڵێنرێت‌و دەخورێت .

بارزە : گیایەکە بۆ گەدەباشە بەڕووتی بێ کوڵان دەخورێت .

گنۆرە : وەك لاسکی چاوبازە لە وایە کە گەڵاکەی لێ‌بکرێتەوە وەك زێواسی بەکاڵی دەخورێت .

گیا سالە : وەك سیروایە سەڵك دەکات . سەڵکەکەی دەردەهێنرێت‌و بەنرخەو گرانە . ولە هەندێك پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت . لەگەڵ سریشدا پاش زەرد کردن‌و کوتانی تێکەڵ دەکرێت‌و جولاکان بەکاری دەهێنن هەروەها ئەوەی دۆڵدرمە دەکەن دەیناسن .

ڕەووف بێگەرد

# دیوار



خۆر چاوێکی خەواڵووبوو ، تیشکە نەرم‌و بێ‌تینەکەی بە سەر زەویە سست‌و سڕەکەی ئەو بەیانیەدا ئەڕژا ، بازنە ڕەنگاڵەییەکەی ئاسۆ سروشتە کڕەکەی لە ئامێز دەگرت‌و تا

دەهات فراوانتردەبوو . جار جارە تەقەی داکوتانی بزمارێك ، یان کەوتنی تەختەیەك ، یان کوکەو دەنگی کرێکارێك سروشتە

کەی دەسڵەماندەوەو هێدی هێدی بەرەو ئاوەدانی سەری دەکێشان . هەنگاوەکانی «ئەحمەد»یش لە سەرخۆ سروشتی

هێشتا ماتو ڕێگای شیّ لیّ کەوتووی سەر گردەکەی بەرەو خوار هەڵدەپێچا. جلەکانی ئەحمەد، پێڵاوەکەی، دەستو سەرو مژۆڵەکانی گەچاوی‌بوون، چەند دڵۆپێکیش بە سەر ڕوومەتە ڕەش داگەڕاوو نیمچە سووتاوەکانیدا بە نارێکی تا سەر چەناگەی کشابوون، لە هەندێك شوێندا تەنكو لە جێگای تردا بە قەدەر دەنکە نیسکێك هەڵتوقیبوون.

لەو هێڵە پێچاو پێچانە دەچوون کە بە سەر تابلۆی شەوەزەنگێکدا فڵچەیەکی زۆر بارێك توولە ڕێگای ناو قەدی چیایەکی پیّ‌کێشابێت. برسیەتی ئەحمەدی بەرەو لای چایخانە گەڕۆکەکەی دامێن گردەکە ڕائەپێچا. تا بە نانو ماستو

چایەك گوڕی کار بداتەوە خۆیو پاشان جارێکی‌دی سەرکەوێتەوە، بگاتەوە ناو ئەو خانووە بچووکەی کاری تیا دەکات، دیسان بە دەم گەچ کاریەوە چرپەی یادگارەکانی بکەونەوە سەرەتاتکیّو لە گەڵیاندا بژی.

بە بەردەم ئەو کۆشکەدا هات کە کەوتبووە سەر شەقامە سەرەکیەکە، پڕ بە پڕی چاوەکانی بە پانو بەرینی کۆشکەکەیدا هەڵڕوانی، وەستاو ڕاما، ڕوانینو لێکدانەوەکانی دەمێك وێڵو جارێك سەقامگیر بوون، بزەیەکی تەوساوی هاتە سەرلێو، کەوتە بەراوردکردنی لە گەڵ ئەو خانووە بچووكو گەنیلەیەی مامۆستادا کە کاری تیا دەکات، هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە خۆی ووت «کیّ دەڵێت خاوەنەکەی وەك ئەو

مامۆستا هەژارە جوامێرو خاکیە، سەربەرزو ڕوونا کبیرە؟ کەچی خانووەکەی ئەو یەك بە سەدی ئەمەی تیّ ناچێتو هێشتا لە سەریّ قەرزارە! پف..»

کە لای خۆیەوە گەیشتە وەڵامی پرسیارەکەی، شانێکی هەڵتەکاندو دەستێکیشی ڕاوەشاند، بە دەم وورتە وورتێکەوە پشتی لە کۆشکەکە کردو سەرەو خوار تێی کێشایەوە.

مابووی بگاتە چایخانەکە، لە جەمسەری ڕێگاکەدا ئافرەتێکی بینی بەرەو لای ئەم دەهات، جانتایەکی ڕەش لە شانداو، تەنوورەیەکی ڕەشو بلووزێکی سووری لە بەردابوو، قۆندەرە سوورو بەرزەکانیشی لە دوورەوە دەبریسکانەوە. هێندە ئاغر بە ڕێگادا دەهات وات هەست دەکرد گوڵەباخێکی ناسكو جوانەو بە دەم سروەیەکەوە دەلەرێتەوە. سەرنجی ئەحمەدی ڕاکێشا، دوا تارمایی لێڵی کۆشکەکە لە چاوی تەریو بەم دیمەنە تازەیەوە گیرسایەوە، بە خۆی ووت: «دیارە ئەمەیش هەر بەشێکە لە کۆشکەکە» ڕاستەوخۆ کەوتە سەر ڕێگاکەیو لە ئامێزی گەرمی چاوەکانی گرت، هەنگاوی خاوی دەناو چاوی لیّ نە دەتروکاند، کە تەواو لیّ‌ی نزیك کەوتەوە تەزوویەکی بە لەشدا گەڕا، هەنگاوەکانی سستترو چاویشی زیاتر ئەبڵەق بوون، کە گەیشتە تەنیشتی دڵنیابوو، بیّ ئەوەی هەست بە خۆی بکات بووە درەختێکی بیّ لقو لە بەرەدەمیا ڕوا. ئافرەتەکە بەدەم سەر هەڵبڕینەوە جانتاکەی دابەشانیاو بە دوو پەنجەی گرتی، ئەحمەدی وەك چەندان لاوی تر هاتنە پێش چاو کە لەگەڵ بینینی کچێکی جواندا ئەژنۆیان دەشکێتو لە شوێنی خۆیاندا کڕدەبن، دەبا ئەم کرێکارە هەژارەیش چاوی تێرکات، خۆ ناشێت گازی لیّ‌بگرێت! ئەحمەدیش پەیکەرێکی بیّ گیانبوو، نە ئەجوولاو نە سەر ڕێگاکەی بەر ئەدا. ئافرەتەکە ویستی بە تیژی تیّ‌پەڕێت. بە تایبەت کە ئەوی بەو جۆرە بینی، هەرکە هەنگاوێك لیّ‌ی دوورکەوتەوە لە دواوە دەنگی ئەحمەد هەڵی سڵەماندەوە:

رۆژباش خانمەکەم.

ئافرەتەکە وەستاو ئاوڕی دایەوە، وەك سەیری لە ڕۆژباشەکە هاتبێتو نەهێڵێت بە سەریا تیّ‌پەڕێت. پیّ‌ی ووت:

— ڕۆژباشیش.. فەرموو...

- به یارمەتی . . تۆ لەیلانیت ؟
ئافرەتەکە جارێکی تر بە سەر چاوو بالأ گەچاویەکەیدا هەڵی ڕوانیەوە ، لە سەر خۆو بێ دەربەستانە ووتی :
- بۆ ئەپرسیت ؟ تۆ چۆن من ئەناسیت ؟
دڵی ئەحمەد کەوتە پەلە پەلو چاوەکانی دوا شوێنەواری ڕوومەتو باڵأو قژە درێژەکەی لەیلأیان لە تابلۆی یادگارەکانیا هەڵکەندەوە ، لە گەڵ ئەو یادانەدا ڕەنگی گۆڕاو لەوەدابوو ووشەکانی لێ یاخی بن . بەلأم نەی ویست لەوە زیاتر لە بەردەمیا بە بێدەنگی بمێنێتەوە .

- بۆ تۆ من ناناسیت ؟
- بڕوا ناکەم . . کێت ؟
- لەیلاخان چۆنم ناناسیت ؟ هەر دەدوانزە ساڵێکە لێك دابڕاوین .
- نازانم ، کریکاریت بۆ کردووین ؟ نایەتەوە یادم .
- کریکاریی چی ؟ ئەی دڵت هیچت پێ ناڵێت ؟
ووتەکانی ئەحمەد لە گوێی لەیلادا بێ تامو بۆن بوون ، وەك سەر زەنشت کرابێت یان قسەیەکی زۆر ناشیرینی پێ وترابێت بە تووڕەییەوە ووتی :
- دیارە پیاوێکی بێ شەرمیت ، خوا کێو نەبینێ بەفری تێناکات ، بۆ جەنابت چیت دڵم بۆت لێبدات ؟
- هیچ ، بمبوورە ، ویستم بزانم ماڵتان لێرەوە نزیکە ؟
- جا تۆ چیت بە ماڵی منەوە هەیە ؟
- هیچ ، حەز ئەکەم بیزانم .
- زۆری حەز لێدەکەیت . . ها ؟ باشە . . ئەو کۆشکەی ئێستا بە بەر دەمیا هاتیت .
ئەحمەد بە لاچاوێك تەماشای کۆشکەکەی کردەوە ، بە خۆی ووت «باشی بۆ چووم ، پێویستی بەم پرسیارە نەدەکرد»
- کەواتە بۆیە نامناسیتەوە ؟ ئەی دەنگیشم ناناسیت ؟ یان ئەتەوێت خۆتم لێ هەڵە بکەیت ؟

لەیلا تەواو هەراسانی لە ڕوویدا دەرکەوت ، هەنگاوی هەڵهێنایەوە بڕوات ، ئەحمەد زوو فریای کەوتو ووتی :
- ئەگەرچی کاتی ئێوە بە بایەخە ، بەلأم یارمەتیم بدە خۆمت پێ بناسێنم ، من ئەحمەدم .
لەیلا وەستایەوەو دیسان تەماشای کردەوە ، بێ بایەخانە لێی پرسی :
- کام ئەحمەد ؟ خۆ ئەم شارە هەمووی یان حەمەیە یان ئەحمەدە .

- چەند ئەحمەد ئەناسیت ؟ هەرە کۆنەکەیان .
لەیلا دیسان تەنگە گرتیەوە :
- ئەڵێ مەتەڵم لێ دادەهێنیت ؟ من ئەحمەد ناو ناناسم .
ئەحمەد وەك دەرزی ئاژنی لەشیت کردبێتو خۆشی لە ئازارەکەی بێت وابوو ، چونکە هەرگیز بڕوای نەدەکرد تا ئەم سنوورە نە ناسی لەیلابێت ، ئەی کەوا دەرچوو !
- سەیرە ! تائێستایش واهەست ئەکەم خۆتم لێ گێل ئەکەیت . من ئەحمەدی مام سەعیدی گەڕەکی خۆتانم ، کەم دراوسێو هاوڕێی یەکتر بووین ؟
لەیلا سەری دانەواند ، ویستی بکەوێتە سەر جەمسەری بیرەوەریەك ، یان یادگارێکی دێرینەی بگرێت ، کەچی بێ ئەوەی بهێڵێت ئەحمەد هەستی پێ بکات بێ دەربەستانە ووتی :
- نەم ناسیتەوە ، ئەوە لە کەیەوە کرێکاریت ؟
- دەمیکە .
- لەشت ساغ بێت بێ قەزابیت ئەمە ئەم هەموو وەستانو بگرەو بەردەیەی لەویست ؟ باشە ، خوات لەگەڵ .
ئەحمەد بێدەنگ ڕاوەستابوو ، کاسو ور وەك ئەوانەی بەردێکی قورسی یان کوتەکێك بەر سەریان دەکەوێت . هەرکە زانی پشتی تێکرد شلەژاو قسەی تری بۆ نەهات . دەستی بۆ تەوێڵی خۆی بردو ویستی پیشانی بدات ، بەلأم ئەو

مەبەستی بوو زۆر زوو لە بارێکی گران رزگاری بێت ، بۆیە وەك ئەوەی نەهیچی دیبێت و نە گوێ ی زاخاو درابێتەوە ئاسایی بەرەو ژوور تێ ی کێشا . ئەحمەد لە دواوە تێ ی ئەڕوانی ، ئەو هەر ئاوڕیشی نەدایەوە تا خۆی بە کۆشکەکەدا کردو لە چاو وون بوو .

ئەحمەد بە دەم لێکدانەوەوە بەرەو خوار هەنگاوی سستی نایەوە ، ئاگای لە دەورو بەری بڕابوو ، دوانزە ساڵی لەوەو بەر بووە پەیکەرێك و لەبەر چاویا وەستا ، دەمارەکانی پلیان داو چاوەکانیشی تیژ تیژ بە هەموو لەشیا چەقین ، وەستا ، ئاوڕی دایەوە ، بێجگە لە کۆشکە ڕەنگاڵەییەکە چی تری نەبینی ، چاوی تێ بڕی ، زیاتر لێ ی ڕاما ، تا گەردەلوولەکە بووە ئەسپێکی ڕەسەن و هەڵی گرت :

(ئەوسا هەردوولامان لە کۆلانێکدا بووین ، خانووە کانمان گڵ و سەر بانیان پێکەوەبوو ، هەموو خانووی کۆلانەکە لە یەکتر دەچوون ، دوو ژووری قوڕین و هیچی تر ، باوکی من قەتارچی و باوکی ئەو مووچە خۆرێکی بچووك بوو . ئێمەیش کوڕو کچێکی تازە هەڵچوو بووین ، یەکەمجارمان بوو هەست بە خۆشەویستی بکەین ، لە سەرەتادا وەك منداڵ دەستمان پێ کرد ، ئاو بە یەکدا کردن و ڕاکە ڕاکەی ناو حەوشە ، ئەو قوتابیەکی چالاك بوو ، من زۆر زوو دەستیان پێ هەڵگرتم ، ئەوسا هیچ شتێك ڕێگای لە خۆشەویستی نە دەگرت)

ئەحمەد بەرەو چایخانەکە ئەچوو ، بەڵام هەنگاوەکانی لە دوای نەدەهاتن ، وەك لە شوێنێکی ترا گیریان خواردبێت وابوو :

(ئەو ڕۆژەی باریان کردو ووتیان دەچن بۆ شارێکی تر کۆستێکی گەورەبوو ، چونکە خۆشەویستیەکە تچەکەرەی کردبوو ، گریایت ، زۆر گریایت ، ئەویش باوك مردوویەك بوو بۆ خۆی . تاچەند ڕۆژ خۆڵی مردووت بەسەرا کرابوو دایکت هەستی پێ کردبت ، پێ ی ووتیت «کوڕم خەمی لەیلا مەخۆ ، گوێ مەدەرێ ، هێشتا زۆرت ماوە ، چەندان لەیلای تر دەناسیت و بەجێ یان دێلیت ، تەنیا بۆنیان پێوە بکەو بڕۆ» .

قسەکانی دایکت زۆر پێ ناخۆش بوو ، چونکە لای تۆ هەموو دنیا تەنیا ئەو لەیلایەی تیا بوو .

لە ڕاستیا هەر ئەو ڕۆیشتنەیشی بوو ئیتر نەت بینیەوە .

ئەحمەد وەستایەوە ، رووی کردەوە کۆشکەکە ، دەستی بۆ تەوێڵی بردەوەو پەنجەی لە سەر شوێنە قرنجاوەکە دانا ، ئەو ڕۆژەی هاتەوە یاد چۆن لە کاتی یاری کردن و دەست بازیدا لەیلا لە دەستی ڕای کرد ، ئەم کەوتە دوای ، بەڵام ئەو بەردێکی تێ گرت ، بەردەکە کێشای بە ناوەڕاستی تەوێڵیاو ناوچاوی قرینجاند ، خوێنێکی زۆری لێ هات ، لەیلا ئەمەندە شەرمەزاربوو وەك کۆترێکی ترساوی لێ هات ، تا چەند ڕۆژێك ئەم قسەی لە گەڵیدا نەکرد ، کەچی ئەو بە بزەو خۆ نیشاندانەوە چاوە چاوی لە گەڵدا دەکرد ، کە ئاشتیش بوونەوە پەنجەکانی ئەخستە سەر شوێن شکاویەکەو ئەی ووت «دەستم بشکێت» .

ئەحمەد زیاتر پەنجەی لەسەر تەوێڵی دان ، یادگارێکی هەرە بە تامی ڕۆژانی تەمەنی بوو ، هەستی کرد ئەمە خۆشترین یادگارەکانی ژیانی مرۆڤە ئاساییەکانە . کەمێك ڕاما ؟ پەنجەی لابرد ، سەری لەقاندو بۆ چرووکی هەناسەیەکی لە سیەکانیەوە بۆ دەرەوە ڕادا ، زیاتر چاوی لە کۆشکەکە بڕی ، لە بەرچاویا لە هەموو لایەکەوە دیوارەکانی هەڵکشان ، هەڵکشان و ناو کۆشکەکەیان شاردەوە ، چاوی ئەم خەریك بوو بەرەو لێڵی بچێت ، زوو هەڵی گلۆفتن تا تەواو ڕووناك بوەوە ، ئەمجارەیان وەرچەرخایەوە ، وەك جاران پێ ی لە ڕێگاکە داگرتەوە ، هەنگاوەکانی بەرەو لای چایخانە دەست گێڕەکە گورج ترکرد ، لەو کاتەدا وای هەست کرد کە بێجگە لە برسیەتی هیچی تر لەم ژیانەدا نیە .

١٩٨٤